# لەگوگلدا پێوەندی تەلەفۆنی بە هەموو جیهانەوە بکەن

گوگل لە تاقیکارییەکی نوێدا خزمەتگوزاری پێوەندی کردنی بە تەلەفۆن دادەهێنێ، هەرچەندە تاکو ئێستا ئەو خزمەتگوزارییە گرنگە تەنیا لە وڵاتی ئەمریکا تاقیکراوەتەوە، بەڵام لە داهاتوودا هەموو جیهان دەگرێتەوە.

کۆمپانیای گوگل لەم چەند ڕۆژانەدا بۆ ئەو کەسانەی Gmailیان هەیە ئەو خزمەتگوزارییەی زیاد کردووە. کۆمپانیای ناوبراو دەڵێت تەنیا لە 24 کاتژمێری یەکەمدا زیاتر لە یەك ملیۆن پێوەندی تەلەفۆنی لە ڕێگەی خزمەتگوزارییەکەی ئەوانەوە ئەنجام دراوە. بەکارهێنەرانی Gmail لە ئەمریکادا دەتوانن بە خۆڕایی پێوەندی ناوخۆییان هەبێ. بەڵام بۆ دەرەوە دەبێ پارەیەك بدەن.

# دۆزینەوەی کەموکوڕی لە پارچەکانی کۆمپیوتەردا




سیستەمێکی کاراو باش ئەو سیستەمەیە کە گشت پارچەکانی بەباشی کاربکەن و پرۆگرامەکان هیچ گرفتێکیان نەبێ. بۆ ناسینی پارچەکانی کۆمپیوتەر و دەستنیشانکردنی کەموکوڕییەکانی پێویستیت بە پرۆگرامێکی تایبەتە تا گشت هەڵە و کەموکوڕییەکانی سیستەمەکە دەستنیشان بکات.

پرۆگرامی SiSoftware Sandra پرۆگرامێکە بۆ ناسینی کەموکورتی پارچەکانی کۆمپیوتەر. پرۆگرامەکە بەردەوام لە سیستەمەکەدا دەگەڕێ گەر کەموکوڕی لە هەر شوێنێك هەبێ دەستنیشانی دەکات، چونکە زۆرجاران کۆمپیوتەرەکەت تێکچووە، بەڵام نازانی هەڵە و کەموکوڕییەکە لە چ بەشێکی کۆمپیوتەردایە. بەتایبەتی ئەو پرۆگرامە بۆ ئەوانە بە سوودە کە تازە کۆمپیوتەریان کڕیوە و شارەزاییان لە پارچەکانی کۆمپیوتەردا نییە، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەزانن کەموکوڕی لە چ پارچەیەکداهەیە.



# سکاینەرێکی بچووک و توانایەکی زۆر

سکاینەر ئەو ئامرازەیە کە دەق و وێنەکان لەسەر کاغەزەوە دەگوازێتەوە بۆ ناو کۆمپیوتەر، سکاینەر ئامرازێکی لاوەکی کۆمپیوتەرە لە پەنا کۆمپیوتەر دادەنرێ، گرفتێکی سکاینەر لەوەدایە کە قەبارەکەی گەورەیە بۆ ئەوە نابێ بەبەردەوامی لەگەڵ خۆت بیگوازیەوە، بەڵام سکاینەری جۆری Copy cat ئەو گرفتەی نەهێشتووە، لەگەڵ ئەوەیدا بچووکە، تایبەتمەندییەکانی زۆر سەرنجراکێشن. بچووکی سکاینەرەکە بۆتە هۆی ئەوەی لەهەموو شوێنێك و هەرچی بتهەوێ سکانی بکەی. بە دوو باتری قەڵەمی ئیش دەکات. دوو سەد لاپەڕە کتێب لە ماوەی چەند چرکەیەکدا سکان دەکات. بۆ کارکردن هیچ پێویستی بە کۆمپیوتەر نییە، بگرە هەر وێنەیەك کە سکانی دەکات لە سەر میمۆری کارتەکەی خۆیدا خەزنی دەکات، میمۆرییەکەی تا 32 میگابایت توانای خەزن کردنی هەیە.

# کامێرای canon EOS 60D چەند هەنگاوێک بۆ پێشەوە




کامێرای وێنە گرتن ئامێرێکی گرنگە و بۆ هەموو کەس پێویستە، لەسەرەتای سەردەمی دیجیتالیدا، کامێرای فیلم بەتەواوی ماڵئاوایی کرد. کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی فیلمی وێنە، گشتیان روویان کردووە لە بەرهەمهێنانی کامێرای دیجیتالی. کۆمپانیای کانون یەکێك لە باشترین ئەو کۆمپانیانەیە کە لە بەبەرهەمهێنانی کامێرا ناسراوە. ئەو مۆدێلە نوێیەی کە بەم دواییانە بەرهەمی هێناوە بە مۆدێلی D60 ناسراوەکە کامێرایەکی 18 میگاپیکسلە و نرخەکەشی زۆر لەسەرێ نییە، هەم کامێرای وێنە گرتنە و هەم کامێرای فیلم هەڵگرتنەوە. خاڵی جێگەی سەرنجی کامێراکە ئەوەیە کە ئۆتۆماتیکی کوالیتی وێنەکان باش دەکات.



# چۆن وێنەیەک بۆ سایتەکەت ئامادە دەکەی

یەکێك لەو شتانەی کە دیزاینەرانی سایت و خاوەن سایتەکان بۆیان گرنگە، سوود وەرگرتن لەو وێنانەیە کە کوالیتییەکەیان لەسەر سایتەکەدا تێك نەچێ، بەتایبەت لەم هەرێمەی ئێمەدا کە تارادەیەك خێرایی هێڵی ئینتەرنێت لە خوارێیە و ئەو سایتانەی کە وێنەی گەورەیان تێدایە دەبنە هۆی ئەوەی کە بەدرەنگی بکرێنەوە. زۆر شێواز هەن بۆ کەمکردنەوەی سایزی وێنەیەك لە سایتدا، بەڵام باشترینیان ئەوشێوازەیە کە بە پرۆگرامی فۆتۆشۆپ دەکرێ کە وێنەکە سایزەکەی کەم دەبێتەوە، بەڵام کوالیتییەکەی دانابەزێت.

دەبێ بەر لە هەموو شتێك وێنەکە بە فۆرماتی RGB خەزن کرابێ، نەك بە فۆرماتی CMYK، چونکە فۆرماتی CMYK زیاتر بۆ چاپکردنی وێنە گونجاوە و قورسە. پاش ئەوەی کە وێنەکەت بە فۆرماتی RGB خەزن کرد، بچۆ سەر بەشی Save for a web لە مینۆی File دا. یان دەتوانی هەر سێ دوگمەی Alt+CTRL+Shift+S پێکەوە دابگری، کە بەشی Save for a web کرایەوە، لەوێدا دەتوانی سایزی وێنەکە بگۆڕی. لەو بەشەدا دەتوانی گۆڕانکاری لە کوالیت و سایزی وێنەدا بکەی.

# گەڕاندنەوەی ئەو وێنانەی کە لە کامێرای دیجیتالیدا سڕاونەتەوە



کامێرای دیجیتالی وەك ئامرازێکی گرنگ بۆ هەموو کەس پێویستە، بەڵام کامێرای دیجیتالی وەك کامێرای ئەنالۆگ و فیلم نییە کە فیلم هەبێت و دواتر لەسەر فیلمەکە وێنەکان دەربخەیەوە، بگرە جار هەیە لە رووی هەڵەیەك و بەرکەوتنی پەنجە بە فەرمانی Delete گشت وێنەکان دەسڕدرێنەوە. یان جار هەیە کامێراکە خۆی تێك دەچێ. بۆ چارەسەری ئەو کێشانەی کە دێنە پێش، گەلێك پرۆگرام هەن کە وێنە سڕاوەکان دەگەڕێننەوە، بەڵام پرۆگرامێکی Digital Camera Photos Recovery لەناو ئەو پرۆگرامانەدا لەریزی یەکەمدا دێت. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە گشت ئەو وێنانەی کە سڕاونەتەوە دەگەڕێنەوە، تەنانەت گەر میمۆرییەکەشت فۆرمات کردبێ. گەر وێنەیەکیش تێکچووبێ بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی باشی بکەیەوە. تایبەتمەندییەکی پرۆگرامەکە ئەوەیە کە قەوارەی پرۆگرامەکە زۆر کەمە واتە 1.5 میگابایتە هەروەها بە وردی وێنەکان دەدۆزێتەوە. بۆ دابەزاندنی پرۆگرامەکە بەخۆڕایی ئەو لینکە لێبدەن.

Download Links Of Digital Camera Photos Recovery Software 3.0.1.5

# Alexa toolbar ئامرازێک بۆ ناساندنی سایتەکان




جار هەیــە لەو ئینتەرنێتــەی بەرفرییەدا بە دوای سایتێكی باشدا دەگەڕێی بۆ دۆزینەوەی وتاری زانســتی یا بابەتێك كە بە دوایدا وێڵی یان پرۆگرامێك كە زۆرت پێویســتە، بۆ ئەوەی كە بەمەبەستەكەت بگەی، سەر لە دەیان سایت دەدەی كەچی هەر بەو مەبەســتەی كە نیازتە ناگەی. كە سایتێكیشــت دۆزیەوە نازانی ئەو سایتە و ئەو وتارانەی كە تێیدانە كۆنن یان نوێن. بۆ ناســینی ســایتێك بەتەواوی باشترین ڕێگە ئەوەیە كە فایلێكــی بچووك بەناوی Alexa toolbar دابەزێنیــە ســەر كۆمپیوتەرەكەت، بەهۆی ئەو پرۆگرامە بچووكەوە دەتوانی هەموو تایبەتمەندییەكانی سایتێك بناسی وەك:

- مێژووی دروستكردنی سایتەكە.
- دۆزینــەوەی لۆگــۆی گــوگل بۆ هەر سایتێك
- زانینی ڕێژەی ئەو كەســانەی ئەو سایتە دەكەنەوە.
- زانینی ڕێژەی ئەو فایلانەی لەو ســایتە دادەبەزێندرێن.
- ســەیركردنی ئەو وشــانەی لەو سایتەدا بەدوایدا گەڕاون.
- بەراوردكردنی سایتەكە لەگەڵ سێ سایتی دیكە.
- ئاســت و پلەی سایتەكە لەجیهاندا و زۆر تایبەتمەندی دیكەش..

# بەر لە کڕینی ماوس و کیبۆرد سەرنجی ئەو خاڵانە بدەن

ڕەنگە پێتان وابــێ كە كڕینی ماوس یان كیبۆرد بــۆ كۆمپیوتەر زۆر ئاســان بێ، بەڵام لە ڕاســتیدا وانییە. كیبۆرد و ماوس لە هەمــوو پارچەكانی دیكەی كۆمپیوتەر گرنگتــرن، چونكە كار و فەرمانەكان تەنیا بەهۆی ئەو ئامێرەوە ئەنجام دەدرێن، تا ئەو ئامێرانــە گونجاوترین ئەركەكان بەباشــی دەچنە پێشەوە. هەربۆیە بەرلە كڕینی ماوس و كیبۆرد ســەرنجی ئەو خاڵانەی خوارەوە بدەن.

1- بێ وایەر یان بە وایەر

ئەمرۆكە ئامێرە وایەرلەیســەكان شوێنی ئامێرەكانــی وایەرداریان گرتۆتەوە، بەهۆی ئەوەی كە وایەر لە پچڕان و قەرەباڵغكردنی شــوێندا گرفت دروســت دەكات پێویستە هەردوو ئامێری ماوس و كیبۆرد وایەرلەیس بن.

2- بوونــی دوگمەی میدیــا پلەیەر لە كیبۆرددا

كیبــۆرد واتە تەختــەی دوگمــەكان لەم ســەردەمەدا هەر ئەوە نییە كە ئەو دوگمانەی بەنووســینی دەق پێویســتن تەنیا ئەوەندەی لەســەر بێ، بگرە كیبۆردی باش ئەوەیە كە جگە لەو دوگمانەی بۆ نووســین پێویســتن دەبێ دوگمەی تایبەت بە میدیا پلەیەرشــی لەســەر بــێ، وەك كەموزیادكردنی دەنگ، گۆڕینی گۆرانــی، كردنەوەی ئینتەرنێت بە دوگمەیەك...تاد.

3- ماوسی كاركردن یان یاری كردن

كیبــۆردی تایبەت بە یــاری و كیبۆردی ئاسایی جیاوازییەكەیان لە چەند دوگمەیەكی زیادییــە، بەڵام ماوســی تایبــەت بەگەمە جگە لەوەی دەبــێ دوگمەی زیادی هەبێ، تایبەتمەندییەكی جیاوازیشی لەگەڵ ماوسی دیكە هەیە، ئەویــش ئەوەیە كە دەبێ زۆر بە تیشك هەستیاربن، خێرایی و وردی كاركردنیان دەبێ زۆر بێ. تا زیاتر هەستیار بن، وردبینی ما وســە كە ش زیاترە.



4- كیبۆردی ســتاندارد یــان كیبۆردی تایبەت

زۆربەی خەڵك لە كیبۆردی ستاندارد واتە ئەو كیبۆردەی تەختە و لەسەر مێز دادەندرێ ســوود وەردەگــرێ، بەڵام گــەر بەدوای گۆڕانكاری لە كیبۆرددا و دەتهەوێ مەچەك و پەنجەكانت ئازار نەبینن، باشترین كیبۆرد، كیبــۆردی Logitech wave، كە دوگمەكانی كیبۆردەكــە تایبەتن و لەگەڵ هەمــوو پەنجەكان دەگونجێــن. هەرچەندە كۆمپانیای مایكرۆسۆفت، پێشنیار دەكات ئەو كیبۆردانە بــەكار بێنن كە لە دوو بەش پێكهاتوون. بــەر لەوەی كیبۆرد بكڕی جا هەر جۆرێكیان بێ، پێویستە لەسەرەتادا بە پەنجەكانتان تاقی بكەنەوە.



# لە داهاتوودا ڕۆژنامەکان دەبنە دیجیتاڵی




کۆمپانیایLG بەم دواییە دوو شاشەی نوێی بەرهەم هێناوە، بەڵام ئەم شاشانە مۆنیتۆر نین، ئەوانە بۆ ئەوە دروست کراون کە گۆڕانکاری بنەڕەتی لەجیهانی ڕۆژنامەنووسیدا پێك بێنن.

ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕۆژنامەی سەر کاغەز بۆ هەمیشە نەمێنێ، چونکە بە وتەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی ڕۆژنامەی دیجیتالی، ڕۆژنامەی کاغەز تێچووی زۆری دەوێت و ژینگەش پیس دەکات.

بەمەبەستی هەنگاونان بەرەو ڕۆژنامەی دیجیتالی کۆمپانیای LG کاغەزێکی ئەلکترۆنی بەرهەمهێناوە کە لە نەرمی و تەنکیدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ کاغەزی دیکە نییە. کاغەزەکە 19 ئینجە. بەقەد لاپەڕەی ڕۆژنامەیەك. لەگەڵ ئەوەدا لەمسییە. لەو ڕۆژنامە دیجیتالییەدا هەر لاپەڕەیەك لە ڕۆژنامەدا بتەوێ تەنیا بە پەنجەیەك دەتوانی بیکەیەوە و بیخوێنیەوە.

# کامێرای کام مۆبایل بۆ وێنەگرتن دەگونجێت




مۆبایل ئێستا جگە لە ئەرکی پەیوەندی گرتن، ئەرکێکی سەرەکی دیکەی بوونی کامێرای وینەگرییەکەیەتی، هەرچەندە زۆربەی مۆبایلەکان کامێرایان هەیە، بەڵام وێنەی ژمارەیەکی بەرچاو لە مۆبایل نەبێ، ئەگینا کوالێتیان بەرز نییە.

گۆڤاری دیلی تەلەگراف، لە نێوان هاندەکانی مۆبایلدا کە توانای وێنەگرتن بە کوالیتی بەرزیان هەیە و بەکارهێنەران لێی ڕازین سێ هاندی هەڵبژاردووە. کە بەریتین لە:

سۆنی ئەریکسۆن جۆری Vivaz pro، ئەو هاندە دیزانەکەی سەرنج ڕاکێشە، زیاتر لە کامێرا نزیکترە تاکو هاندی مۆبایل، قەبارەی وێنەکانی پێنج میگاپیکسلن، بەڵام کوالیتان زۆر لەسەرێیە.

سامسۆنگ جۆری wave:
کامێرای ئەو هاندە زۆر کوالیتی لەسەرێیە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵە پرۆگرامێکی بۆ دەستکاری کردنی وێنە تێدایە، هەرچەندە وێنەکانی پێنج میگاپیکسلن، بەڵام زۆر جوانن.

مۆتۆرلا جۆری Milestone xt720: کامێرای ئەو هاندە 8 میگاپیکسلە، وێنەکانی کوالیتیان زۆر لەسەرێیە، تەنیا گرفتێك کە هەیەتی باترییەکەیەتی کە پاش 12 کاتژمێر شەحنی دادەبەزێ.








www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com